# ڕامانێک لە مێرگە کیمیاییەکانی ڕۆح

**لێدوانی: چنار نامیق - سلێمانی**

**(نێرگزو مەرگی هەڵەبجە)** کتێبێکی (١٧٦) لاپەڕەی قەوارە مام ناوەندییە، **(قادرۆک)** نووسیویەتی و ساڵی (١٩٩٠) لەچاپخانەی خەبات بە تایپی دەستی، تایپ کراوە، لە شاخ بە ڕۆنیۆ ڕاکێشراوە.

ژمارە(٢٨)ی چاپخانەی دراوەتێ، بەرگەکەشی بەشێوەیەکی ئاسایی دروست کراوە، هەردوو دیوی بەرگەکە بەدوو تابلۆی (عەلی سەدیق) نەخشێنراوە و(ستار) خۆش نووسی بەرگ وناوەوەی ئەنجام داوە، لە ڕووی دابەش کردنەوە بەسەر دوو دەقدا دابەش بووە کە ناوی هەردوو تێکست بەرگەکەی پێ ناوزەدکراوە

دەقی یەکەم: بەسەر(٣٢) دیمەندا دابەش بووە، نووسەر بەشێوەیەکی گشتی سوودی لەشانۆی واقیعی وەرگرتووە، وێڕای سوود وەرگرتن لە ئەزموونەکانی **برێخت وستانسلافسکی**.

نووسەر دەسپێکی شانۆگەرییەکەی بەکەسایەتی حیکایەت خوان (ڕاوی) دەکاتەوە ودوماهیشی بەهەمان شێوەیە.

بەگشتی ئەم دەقە گوزارشت لە کارەساتێک دەکات کە مێژووی مرۆڤایەتی ئەوە سێیەم کارەساتە بەخۆیەوە دەیبینێت.

زمان لە هەردوودەقەکەدا زمانی گفتوگۆی ڕۆژانەی خەڵکە کە نووسەر دەیتوانی بەشێوەیەکی ئەدەبیانە بابەتەکەی پێ بخاتەڕوو، چونکە زمان سیستەمی نیشانەیە، گوزارشت لە فکرەکان دەکات، (سۆسێرای زانای زمانەوانی سویسری پێی وایە زمان مامەڵە بەمادەی وشە ناکات، بگرە مامەڵە بەسیستەمی نیشانە ڕووت کراوە فرە لایەنەکان دەکات، بەمەش دەبەوێت ستراکتۆری زمان بدرکێنین، چونکە پێوەندی نێوان(دال ومەدلوول) لە ڕێگەی زمانەوە دەدۆزێتەوە.

بەڵام(قادرۆک) نەیتوانیوە پەی بەو سیستەمە زمانەوانییە ببات.

یان ڕەنگە خۆی ئەم زمانە سادەیەی هەڵبژاردبێت، چونکە ئەم دوو دەقە لەخانەی ئەدەبی بەرگری دەژمێردرێن بۆ نەتەوەیەکی ستەم دیدەی وەک کورد لەو ڕۆژەدا ئەو سادەییەی بۆ (منی کوردی) زیاتر سوودی ڕاستەوخۆ دەگەیەنێ و لێی حاڵی دەبێ.

دەقی دووەم: ڕاگوێز کە ئەمیش(٢٤) دیمەنە باس لە ڕۆژانی ئەهامەتی گەلی کورد لە وێران کردنی گوندەکان وگیانی بەرگری ئەم گەلە دەکات، ئەم دەقە ساڵی(١٩٨٧) نووسراوە.

نووسەر سوودی لە شانۆی هەژار (المسرح الفقیر) گرۆتۆفسکی مەزن وەرگرتووە، دەسپێکی دیالۆگەکانی گوزارشت لەمە دەکەن

کەسی(٦) لەسەر ڕێبازی شانۆی هەژار تەمسیل دەکەن

کەسی(٧) واتە گرۆتۆفسکی بلیمەت دار عەسای دەستمانە

کەسی (٣) کەواتە دەورەکانمان بە پارچەیەک جل وبەرگ، یان تێکرار جیا دەکەینەوە.

ئاشکرایە لە شانۆی هەژاردا کەمترین دیکۆر وکەرەستە بەکار دێ، ئەکتەر بە جەستەی خۆی زۆر پێداویستی دروست دەکات.

بەگشتی وەک لە سەرەتاوە ئاماژەمان پێ کرد زمان لە هەردوو دەقەکەدا ئەو بایەخە گرنگەی نەبوو، بەڵام دەبێت ئەو ڕاستییەش فەرامۆش نەکەین کە هونەرو ئەدەب هەمیشە لە سەنگەری بەرەنگار بوونەوەدا بوون و لە ڕەوتی خەباتی نەتەوایەتیدا، بەو پێیەی ئەم بەرهەمە دوور لە دەستی ڕەشی سانسۆر نووسراوە، بۆیە زیاتر نووسەر پشتی بە شێوازی گوتاری کۆمەڵایەتی بەستووە.

هەردوو دەق بۆ چەندین جار ولە شارە جیاجیاکانی کوردستانی ئێراندا لە لایەن(تیپی شانۆی کوردستان) پێشکەش کراون.

کە ئەلبوومی هەردوو شانۆگەرییەکە لە کتێبەکەدا هەشت لاپەڕەی گرتۆتەوە.

جێگای ئاماژە بۆ کردنە کە هەردوو دەقەکە لەلایەن نووسەرەوە دەرهێنراون تیپی شانۆی کوردستانیش، پێکهاتەی ئەو هونەرمەندە پێشمەرگانە بوو کەلە ڕیزی بەرگری گەلی کورددا بوون.

بەم جۆرە قادرۆکی نووسەر وهونەرمەند شان بە شانی خەباتی چەکداری بزاڤی ڕۆشنبیری وهونەریش بۆساتێ لەبیرنەکرد، بۆیە هەردوو دەق لە قۆناغی خۆیدا گرنگی تەواویان هەبوو.

